# کۆزمانەوانی

بەهزاد موحسین

**دەسپێک**

کـۆزمـانـەوانی لقـێکی گـرنگی زمـانـەوانیـیـە، لە ڕووی زمـانـیـیـەوە پێـوەندی تاکـەکـانی بەرانبـەر یەکـدی لێک دەداتەوە، هەروەها پێوەندییە کۆمەڵناسی و زمانییەکان پێک دەبەسـتـێـتـەوە. هەروەک ئەوەی کـۆمـەڵێ دیاردەی کـۆمـەڵایەتی بۆ زمـانـەوانی ڕوون دەکـاتـەوە، کـۆمـەڵێ دیاردەی زمـانـەوانیـش بۆ کـۆمـەڵناس ڕوون دەکـاتەوە. کۆزمانەوانی پێمان دەڵێ: هیچ گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی نییـە، لەسـەر زمـان ڕەنگ نەداتەوە. لە هەمـان کـاتیش ئەوەشـمـان پێ دەڵێ: کە هیچ گـۆڕانێکی کـۆمـەڵایـەتی نییـە، کە زمـان یەکـێک لە فـاکـتـەرە سـەرەکـیـیـەکـانی سـەرگـرتنی نەبێ، وەک هۆکـارێک بۆ تێک گـەیشتن و لێک حـاڵیـبـوون، بۆ بەئەنجـام گـەیاندنی ئەم گـۆڕانە کۆمەڵایەتییە.

مـیـتـۆدی گـشـتی لێکۆڵینەوەکـە (وەسـفی ـ بەراوردکـاری)ـە. لە هەر جێگایەکیش پێویست بووبێ، مـیـتـۆدی دیکەمـان بەکـار هێناوە. بە کـورتی خـۆمـان بە تەنیا میتۆدێک، یان دووان نەبەستۆتەوە. لەم باسەدا ئەو شێوازەمان بەکار هێناوە، کە لەگەڵ هەر باسێکی تیۆری، یەکـسـەر لە دوای ئەو و هەر لە چوارچێـوەی بابەتەکـە، نموونەمان وەک لایەنی پراکتیکی هێناوەتەوە.

لە نێو کورددا لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوو، هەندێ کـار لەسـەر کـۆزمـانەوانی کـراون، ئەم باسـەی ئێـمـەش، باسـێکە بە ئاراسـتـەی پـتـر ناسـاندنی ئەم بەشـەی زمانەوانی بە خوێنەر و زمانەوانانی کورد. بە شێوەیەک هەوڵمـان داوە، باسکردن و خـسـتنەڕووی بابەتی کـۆزمـانـەوانی هەر لە چوارچێـوەی لایەنی تیـۆریدا نەمێنێتەوە، بەڵکو هێناومانەتە نێو زمانی کوردی و بە نموونەی زمانی کوردی شیمان کردۆتەوە و ناساندوومانە.

به مانایەکی دیکە نەهاتووین تەنیا بیردۆز و پێناسە و خاسییەتەکانی کۆزمانەوانی لە زمانەوانە جیهانییەکان وەربگرین و دوور لە پێک بەستانەوەی بە زمانی کوردی، بیدەینەوە خوێنەر و زمانەوانانی کورد. پێمان وایە هەموو لایەنێکی ئەو تیۆری کۆزمانەوانییە، هێندەی لەم باسەدا جێی بۆتەوە، لەسەر زمانی کوردیمان پراکتیزە کردووە، بۆ ئەوەی خوێنەر لە دەرگای زمانی کوردی، یان لە ڕێی بنەماکانی زمانی خۆی، لە کۆزمانەوانی بگا. پێشم وایە ئەمەیە جیاوازی ئەم باسەی ئێمە، لەگەڵ ئەو باسانەی پێشووتر لە نێو کوردان لە بارەی کۆزمانەوانیەوە نووسراون.

## تەوەری یەکەم
## کۆزمانەوانی و زەرووڕەتی لە زمانەوانیدا

به لەبەرچاوگرتنی ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتیانەی کە کاریگەریان بەسەر زمانەوە هەیە، لێکۆڵینەوە لە بارەی زمان لە ڕووە کۆمەڵایەتییەکەی، باسێکی کۆن نییە. (بابەتێکی لە نێوان کۆمەڵناسی و زمانەوانی هێناوەتە ئاراوە. کە خۆی لە خۆیدا دەشێ، بکرێت بە دوو بەش: کۆمەڵناسی زمان و زمانەوانی کۆمەڵایەتی)(١).

دوای ئەوەی لە لایەن دۆرکهایمەوە، کۆمەڵناسی بووە زانستێکی سەربەخۆ، ئەوا زمانەوانیش لەسەر دەستی سۆسێر بووە زانستێکی سەربەخۆ و وای کرد، چیتر وەکو بابەتێکی لاوەکی، لە چوارچێوەی زانستێکی دیکە، لە زمان نەکۆڵرێتەوە. تا ئەو کاتە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان پتر سیستەمەکانی نێو زمانیان دەگرتەوە، بەڵام دوای سۆسێر کار لەسەر پێوەندییەکانی زمان بە دەرەوەی خۆی کرا، یەکێک لەوانەش زمان و کۆمەڵناسی بوو، بە تایبەتی دوای ئەوەی کۆمەڵناسیش تازە ببووە زانستێکی سەربەخۆ. ئەوە بوو ئەو لقە لە زمانەوانی بە «کۆزمانەوانی» واتە - زمانەوانی کۆمەڵایەتی - ناوی دەرکرد.

به بڕوای سۆسێر (زمان بوونێکی کۆمەڵایەتی هەیە، بەو مانایەی زمان بەردەوام پێوەندی نێوان تاکێک و تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگا دروست دەکا، بە مانایەکی سادەتر زمان - لە ڕووە کۆمەڵایەتیەکەیەوە - جگە لە ڕێکخستن و پێکهێنانی پێوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا، هیچ ئەرکێکی دیکەی نییە.)(٢) بەم پێیەش پتەوی ئەو پێوەندییەی نێوان زمان و کۆمەڵگا نکۆڵی لێ ناکرێ و بابەتی کۆزمانەوانی دەبێتە یەکێ لە گرنگترین ئەرکەکانی زمانەوانان و زمانەوانی، بە تایبەتی لە ڕووی کارەکییەوە. ئەو پێوەندییەی نێوان زمان و کۆمەڵ، وا لە زمانەوانێکی وەکو (ئەنتۆنیۆ مێلێت) دەکا، بۆ دەرخستن و پەیبردن بە دیاردە و گۆڕانە زمانییەکان، بڵێ: (دەبێ بچین زانستی کۆمەڵایەتی و لایەنەکانی کۆزمانەوانی ئەو زمانە بخوێنینەوە، چونکە مادام زمان واقیعێکی کۆمەڵایەتییە، کەواتە زمانەوانی زانستێکی کۆمەڵایەتییە و تاکە هۆکارێک بۆ لێکدانەوەی گۆڕانە زمانییەکان، گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانن.)(٣)

ئەگەر بمانەوێ لە دیاردە دەرەکییەکانی زمان بکۆڵینەوە، مەبەست لەوەیە وەکو خۆی لە حاڵەتی ئێستای زمانی کۆمەڵێک بکۆڵینەوە، ئەوا دەبێ کاریگەرییەکانی ژینگە و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی و بەها و ڕوانگە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵە لەبەرچاو بگرین، چونکە ئاشکرایە لایەنە ئاسۆییەکانی کۆزمانەوانی، وەکو دوو ژینگەی جیاواز و دوو جوگرافیا و زار، یان شێوەزاری جودای زمانێک، جیاوازی لە ئاخاوتنیان دروست دەکا، وەکو ئەوەی بە هۆی ژینگە و جوگرافیای جیاوازەوە، لە ناوچە شاخاویەکانی هەکاری وشەی (سارنجۆک)* بوونی هەیە، بەڵام لە ناوچە دەشتایی و گەرمەسێرەکانی باشووری کوردستان هاوواتای نییە.

هەروەها لایەنە ستوونییەکانی کۆزمانەوانیش وەکو زمانی چینەکانی سەرەوە و خوارەوەی کۆمەڵگا، خوێندەوار و نەخوێندەوار، پیر و لاو، ئافرەت و پیاو، کەسایەتییەکی ئایینی و کەسایەتییەکی سیاسی، شوانێک و بازرگانێک... لە ئاخاوتندا لێک جودان. هۆکاری جیاوازی زمانی ئەو توێژە جیاجیایانە، پێکهاتەی کۆمەڵایەتیانە و زەرووڕەتی ژیانی کۆمەڵایەتی بەو شێوەیە دابەشی کردوون، بەمەش زمانەکەیان جیاوازی تێدەکەوێ، کەواتە بۆ لێکۆڵینەوە لەم جیاوازیانەی سەرەوە لە چوارچێوەی زماندا، بوونی لقێکی زمانەوانی بە ناوی کۆزمانەوانی نەوەک هەر ئاساییە، بەڵکو پێویستیشە، چونکە بێ بوونی ئەم لقە زمانەوانییە، وەکو لقێکی زمانەوانی سەربەخۆ ناکرێ لێکۆڵینەوە لە زۆربەی ئەو دیاردە زمانەوانیانە بکەین، کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە پێکهاتە و گرووپە

کۆمەڵایەتیەکانەوە هەیە.

## کۆزمانەوانی و زار و شێوەزار

ئاشکرایە هەموو زمانێ پتر لە زارێکی هەیە، دەشێ زمانێک، زمانێکی ستانداردی تەواوی نەبێ. بەڵام ناکرێ زاری نەبێ، زارەکانی هەر زمانێکیش بە پێی جوگرافیا دابەش دەبن و لێک جیا دەکرێنەوە، زۆر جار هۆکاری دیکەش لە دروستبوونی زارەکانی زمانێک رۆڵیان هەیە، وەکو ئایین، ئایینزا، دەسەڵاتی ئیداری، دەوڵەت... تاکەکانی سەر بە هەر زارێک زمانی ئاخاوتنیان زۆر لەیەک دەچێ، بە بەراوردکردنیش لەگەڵ زارێکی دیکەی زمانەکە، هەموو تاکەکانی ئەو زارە زمانی ئاخاوتنیان وەکو یەکە، بەڵام (کاتێک لە هەر زمانێک دەکۆڵینەوە، یەکسەر هەست بەوە دەکەین، کە ئەو زمانە یەک جۆر و یەک شێوەی نییە. واتا ئاخاوتنی تاکەکانی ئەو زمانە لە رووی گۆکردن و وشە و تەنانەت هەندێ جار لە یاساکانی زمانیش جیاوازییان هەیە.)(٤) ئەم جیاوازیەی نێوان زارەکانیش (دەشێ جیاوازییەکانی نێوان دوو زار و دوو شێوەزار، لە زمانێکدا ئاستەکانی وشە (فەرهەنگی) و دەنگسازی و وشەسازی و رستەسازی بگرێتەوە.)(٥)

«**زارناسی:** بریتییە لە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی زارە هەرێمی و شێوەزارە ناوچەییەکان، زارناسی نزیکی سەدەیەک بەر لە ئێستا لەو گۆڕانە بەرفراوانە سەری هەڵدا، کە زمانەوانی مێژوویی لە دەنگەکانی زمان بەرچاویان کەوت. سەرەتا لێکۆڵینەوەکان لایەنی دەنگیان دەگرتەوە، بەڵام هەوڵەکانی دواتر لایەنەکانی دیکەی زمانیش دەگرێتەوە، کەچی لایەنی دەنگی وەکو پێشتر هەر گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە و بە پلەی دووەمیش وشە و زاراوە دێ. زارناسان کەمتر گرنگی بە وشەسازی و رستەسازی دەدەن.»(٦)

ئێمەش پێمان وایە پێوەندی دروستبوونی زارەکانی هەر زمانێک بە لایەنی کۆمەڵایەتی، پێوەندییەکی رێژەییە، چونکە مەرج نییە جیابوونەوەی کۆمەڵانی ئەو زارە لەگەڵ زمانی دایکدا لە رووی مێژووییەوە، هۆکارەکەی تەنیا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بێ، دەشێ هۆکارەکە سیاسی، یان ئایینی، یان بە تایبەتی ئابووری بێ، چونکە دەشێ هۆکاری رەوکردنی کۆمەڵێک خەڵک بۆ ناوچەیەکی جوگرافیا جودا، بە هۆی کێشەیەکی سیاسیی وەکو راگواستن، یان هەڵاتن لە سیاسەتێکی قڕکەر بێ، یان کێشەیەکی ئایینی بێ، یان گەران بێ بە دوای لەوەڕ و بژێوی. دەشکرێ سەرچاوەی هۆکارە مێژوییەکەی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی وەکو دوژمنداری بێ.

کەچی ئەگەر سەرچاوەی هۆکارە مێژووییەکەی سەرەتای دروستبوونی ئەو زارانە، کۆمەڵایەتیش نەبێ، ئەوا لە ئێستادا کاریگەری بەها و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵە خەڵکە، لەسەر زمانەکەیان هەیە و تایبەتمەندی و جیاوازی زارەکەیان قووڵتر دەکاتەوە و چوارچێوە و تخووبی زارەکەیان تۆختر دەکاتەوە. لەبەرئەوەی بە درێژایی مێژووی کۆمەڵانی سەر بەو زارە، دیاردە سیاسی و نەتەوەیی و ئایینییەکانیش هێدی هێدی لە دابونەریت نزیک دەبنەوە و دابونەریتیش دیاردەی کۆمەڵایەتین، یان ئەو تاکانەی ئێستا لەو زارە دەژین، ئەوان هەر لە منداڵییەوە لەناو زارێکدا گەورەبوونە و لە دەرەوەی ئارەزووی خۆیان ناچاربوونە، ئەو زارە فێربن و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیانیان پێ رێک بخەن. ئیدی لێرەوەیە پێوەندی کۆزمانەوانی و زار و شێوەزارەکانی سەرهەڵ دەدا و ئەو بیانووەمان دەداتێ، کە ئەو جیاوازییەی لە نێوان زار و زارێک، شێوەزار و شێوەزارێک هەیە، لە رێگەی کۆزمانەوانییەوە لێی بکۆڵینەوە.

بۆئەوەی لێکۆڵینەوە لە کۆزمانەوانی و ئەو بوارە زمانی و نازمانییانە ئاسانتر بێ، مەبەست لەو بوارانەش ئەوانەن کە پێوەندییان بە کۆزمانەوانی هەیە، ئەوا «مایکڵ ئێگراد» ئەو بوارانەی بەسەر دوو ئاراستە دابەش کردووە: (لایەنی جوگرافی و ژینگەیی و زار و شێوەزارەکان بە ئاراستەی ئاسۆیی کۆزمانەوانی دادەنێ و لایەنەکانی دیکەی وەکو جیاوازی ئاخاوتن بە پێی رەگەز و تەمەن و پیشە و... بە ئاراستەی ستوونی کۆزمانەوانی دادەنێ.)(٧) بیروڕاشی لەسەر ئەوەی کام ئاراستە پتر پێوەندی بە کۆزمانەوانی هەیە، یان راستتر کام ئاراستە پتر شیاوە، بۆئەوەی بخرێتە ژێر لێکۆڵینەوە کۆزمانەوانیەکان، بەم شێوەیەی دەربڕیوە: (لەوانەیە زۆر دروست و پرێنسیاف بێ، ئەگەر بڵێین زۆربەی هەرە زۆری لێکۆڵینەوە کۆزمانەوانییەکان لەگەڵ ئاراستەی ستوونیدان.)(٨) لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ، وەک ئەوەی پێشتر گوتمان، بابەتی زار و شێوەزار (ئاسۆیی) لە زماندا

کەمتر پێوەندییان بە کۆزمانەوانییەوە هەیە.

پێشـتـر گـوتمان جیـاوازی نێـوان زار و شـێـوەزارەکـان، هەموو ئاستەکانی زمان دەگرێتەوە، نموونەش بۆ ئەوانە:

**ئاسـتی دەنگسـازی:** لە زاری هەورامی دەنگ، یان ئەلەفۆنی (ذ) و (ث) هەیە، وەکو لە وشەکانی (بەنزین= بە نذین) و (سـاردی= ثاردی)، کـەچی لە هەر سێ زارەکەی دیکەی (سۆرانی، کرمانجی، لوڕی) ئەم دەنگانە بوونیـان نییـە، یان لە کرمـانجی دەڵێن (مری، خـارن)، کەچی لە سۆرانی (مردن، خواردن)، کەواتە لە کرمانجی بە زۆری دەنگی (د) دەکرتێن.

**ئاستی وشەسازی:** لە کرمـانجی دوو دەسـتـە ڕاناوی کەسی سـەربەخـۆ و یەک دەسـتـەی لکاو هەیە، بەڵام لە سۆرانی بە پێچەوانەوەیە، کە یەک دەستەی سەربەخۆ و دوو دەستەی لکاو هەیە.

**ئاسـتی ڕسـتـەسازی:** لە زاری لوڕی (مـان)ی ڕاناوی لکاوی کەسی یەکەمی کۆی خاوەنی، دەتوانێ بچێتە سەر کـارێکی تێنەپەڕی وەک (چوو)، لە دەمی ڕابردووی سادە، کە دەبێتە (چوومان)، بەڵام لە زاری سۆرانی ئەم کـارە (چوو) ڕاناوی لکاوی کـەسی یەکـەمی کـۆی ڕیککەوتن وەردەگرێ، کە دەبێتە (چووین).

**ئاسـتی واتاسـازی:** لە زاری لوڕی دەڵێن (دۆتە). لە سۆرانی (کچ، کیژ) بەکار دەهێنرێ.

ئەم جیاوازیانە بە هەمان شێوە لە نێوان شێوەزارەکانی زارێکیش هەیە، بەڵام بە ڕێژەیەکی کـەمـتـر. بۆ نموونە شێوەزارەکانی زاری سۆرانی وەردەگرین.

**ئاستی دەنگسازی:** لە شـێـوەزاری سلێـمـانی زۆر جار دەنگی (د) دەکـرتێنرێ، (بەغـا، ئەرۆم) سلێـمـانی. (بەغدا، دەڕۆم) هەولێر، یان (خوێن) کەرکووک، (خون) کۆیە، (خین) هەولێر.

**ئاستی وشەسازی**:** لە شێوازی خۆشناوەتی بۆ (م)ی ڕاناوی لکاوی کـەسی یەکـەمی تاکی خـاوەنی (ن)یش هەیە، کـەچی لە ناوچەکـانی کـەندیناوە و قـەراج هەر (م)ە.

(هەنارن خـوارد.) خـۆشناوەتی. (هەنارم خـوارد.) کەندیناوە.

هەروەها لە شێوازی ناوچەی مرکیەی دەشتی هەولێر، زۆر جار (و) دەبێتە ڕاناوی لکاوی کەسی دووەمی کۆی خاوەنی، کـەچی لە شێـوەزاری ناوچەی ساڵەیی دەشـتی کەرکووک هەرگیز (و) وەکو ڕاناو نابینی.

(نانو خوارد؟) مرکیە. (نانتان خوارد؟) ساڵەیی.

**ئاستی ڕستەسازی:** لە شێوەزاری خەڵکی هەولێر، بە تایبـەتی خـەڵکە کۆنەکـەی ئەو شـارە، کـە هەندێ جـار قەڵاتیـەکـانیـان پێ دەگوترێ. زۆر جار لەو ڕسـتـانەی کە کـارەکـەیان تێپـەڕە و بکەر و بەرکـار وەکو ڕاناوی لکاو دەردەکەون، ئەوا هەردوو ڕاناوەکە دەسـتـەی خاوەنین. لە کـاتێکدا لە شـێـوەزاری کـەرکـووک و مـەهاباد بکەرەکـە ڕاناوی لکاوی خاوەنییە، بەڵام بەرکارەکە ڕاناوی لکاوی دەسـتـەی ڕێککەوتنە. سـەرەڕای ئەوەش لە شـێـوەزاری هەولێـر بەرکـار پێش بکەر دەکـەوێ، بەڵام لە شێـوەزاری کەرکووک و مەهاباد بکەر پێش بەرکار دەکەوێ.

(خـۆشـتـم دەوێ) = (خـۆش + ت(ڕ.ل.د.خـاوەنی، بەرکار) + م (ڕ.ل.د.خاوەنی، بکەر+ دەوێ)/ هەولێر

(خـۆشم دەوێی) = (خـۆش + م (ڕ.ل.د.خـاوەنی، بکەر) + دەوێ + ی (ڕ.ل.د.ڕیککەوتن، بەرکـار)/ مەهاباد

هەولێـر (گـۆتم لێ ڕاگـرت، لای مـامـۆسـتـا باسـمت نەکـرد؟). دەنگی «گ» لە (گـۆتم) بە هەمـان دەنگی «گ»ی (گیا) دەدرکێنرێ.

مـەهاباد: (گـوێم لێ ڕاگرتی، لای مـامـۆسـتـا باست نەکردم؟)

**ئاسـتی واتاسـازی:** (کـەسک) هەولێـر، (سـەوز) کـەرکـووک و سلێـمـانی. (مریشـک) هەولێـر، (مـامـر) کەرکووک.

نموونەی ڕسـتـەیەک بە هەر چوار شـێـوەزاری (هەولێـر، کەرکووک، مەهاباد، سلێمانی):

- ئەتو خەرکی کێندەری؟ (هەولێر)
- تۆ خـەڵـک کـوێت؟ (کـەرکـووک)، دەنگی /ک/ی (کۆیت) بە هەمان دەنگی «ک»ی (کێ) دەدرکێنرێ.
- ئەتۆ خەڵکی کوێندەریت؟ (مەهاباد)
- تۆ خەڵقی کوێیت؟ (سلێمانی)

### کۆزمانەوانی و تابۆ

بەها و دابونەریت و دەستووره ئایینییەکان ڕووبەرێکی فراوان لە کـولتـوور و فـەرهەنگی کـۆمـەڵگاکـانیـان داگـیر دەکـەن، بە دڵنیـایـیـەوەش ئەو دەسـتـوورە دینی و دابونەریتانە، نەوەک هەر لە هەڵسوکەوتی کـۆمـەڵایەتی ڕەنگ دەدەنەوە، بەڵکو هەڵسـوکـەوتی تاکـەکـانی کـۆمەڵگا، لە ڕووی پێوەندییان بەیەکدیەوە ئاراستە دەکا

و چوارچێوەیەک بۆ ڕەفتار و گوفتاری کۆمەڵ دیاری دەکا، بۆئەوەی لەو چوارچێوەیە دەرنەچن. لە هەموو کۆمەڵگایەکیش تاکە پیرەکان پتر گرێدراوی بەها ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانن.

دیارە لە هەموو کۆمەڵگایەکیش هەندێ تاک هەن، کە بە گوێرەی ڕێنماییەکانی ئایین و دابونەریت و پڕ بە پێستی بەها کۆمەڵایەتیەکان ناجوولێنەوە. ئیدی کۆمەڵگا ئەو تاکە یاخیانە سەرزەنشت دەکا و ناو و ناتۆرەیان لێدەنێ و چەند تێروانینێکی گەلەکیان لە چوارچێوەی وشە و زاراوەی وەکو بێشەرم و بێئابڕوو و بێدین و... بەسەردا دەبڕێ.

ئا لێرەوەیە کۆزمانەوانی لەگەڵ دابونەریتەکانی کۆمەڵگا و ئایین تێکەڵ دەبێ، کە هەندێ تاک بەردەوام یاخیانە ڕەفتار دەکەن و کۆمەڵگاش لە بەرانبەر ئەوە، وشە و زاراوەی نوێ دێنێتە کایەوە، بۆ ئەوەی ڕیسوایان بکا.

ئەو بوارانەش کە پێوەندیان بە زمانەوە هەیە و کۆمەڵگاش لە ڕوانگە ئایینی و نەریتیەکەیەوە لە تاکەکانی قەدەغە دەکا، پێی دەگوترێ (تابۆ).

(زاراوەی تابۆ لە زمانی «تونگایی»ەوە هاتووە. بە شێوەیەکی گشتی مانای قەدەغە دەدا. سەرەتا چەمکێکی ئایینی بووە، بەڵام ئێستا لە کۆزمانەوانیدا بۆ ئەو وشە و زاراوانە بەکار دێ، کە ڕاستەوخۆ بەکارهێنانیان ئاسایی نییە و پێویستە ئەو وشە و زاراوانەیان لەجیاتی بەکار بهێنرێ، کە هاوواتای ئەوانن و بەکارهێنانیشیان ئاساییە.)(٩) بە شێوەیەکی گشتی تابۆ لە زماندا سێ جۆرە:

١- تابۆی بێڕێزی***: بەکارهێنانی هەندێ وشەی وەکو وشەی (کەر) و (گوو)، کە بەرانبەر ئەوانە وشەی دیکە دانراون و دەربڕینیان تابۆ نییە، وەکو (گوێدرێژ، پاشەڕۆ).

٢- تابۆی سێکسی: وەکو وشەکانی (گان، قوون، قوز، کێر) بە شێوەیەکی گشتی هەموو ئەو ناو و کارانەی کە پێوەندییان بە ئەندام و کردەی سێکسییانەوە هەیە، لە بەرانبەر ئەو وشانەش (جوتبوون، کۆم، دامەن، چوک) هەیە.

٣- تابۆی ئایینی: وەکو ئەوەی ناوبردنی موحەممەدی پێغەمبەر بێ «دروودی خوای لێ بێ» بێڕێزییە، یان لای ئێزیدییەکان لە ڕووی ئایینییەوە، ناوهێنانی شەیتان بە خراپە، گوناهە و تابۆیە، یان جنێودان بە ڕەنگی شین و باڵندەی تاووس تابۆیە، جا بە هەر وشە و دەربڕینێ بێ.

## تەوەری دووەم

## بنیادی زمانی و بنیادی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان

دابەشبوونی هەر کۆمەڵگایەک بۆ چین و توێژە جیاوازەکان، خۆی لە خۆیدا هۆکاری دروستبوونی جیاوازییە، لە وشە (فەرهەنگی) و یاساکانی دەنگسازی و شێوازی ئاخاوتن. هەروەکو ئەوەی گۆڕانکارییە ماددی و مەعنەوییەکانی هەر کۆمەڵگایەک، کۆمەڵێ وشە و مانای نوێ بە دوای خۆیدا دێنێ، کە لە لقەکانی دیکەی زماندا ڕەنگ دەدەنەوە.

هەروەک ئەنتۆنیۆ میلێت دەڵێ: (ئاشکرایە ئەو فاکتەرانەی کەوا واقعیەتە زمانییەکان دێننە کایەوە، بە دڵنیاییەوە ماهیەتێکی کۆمەڵاتییان هەیە)(١٠). ئەم دیاردەیە جیاکەرەوەیەکی بەرچاوی ئەو زمانانەیە، کە کۆمەڵگاکانیان پێشکەوتوون و بەردەوام شتی نوێ دادەهێنن، بەرانبەر ئەو زمانانەی کە ئاخێوەرانی کۆمەڵگاکەی لە پێشکەوتن و داهێناندا سستن. هەر لەبەرئەوەش کە خودی زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، هەر گۆڕانکارییەک کە بە درێژایی مێژوو لەو زمانە ڕوو دەدا، ئەوا لایەنێکی کۆمەڵایەتیشی پێوە پەیوەستە.

«سۆمێر فیڵت»یش سەرەڕای ئەوەی کە ئەوە دەردەخا، کە فاکتەری گۆڕانکاریە واتاییەکانی زمان کۆمەڵایەتین. فاکتەرەکانیش بۆ سێ جۆر دابەش دەکا: (١-گۆڕانی واتا. ٢-گۆڕان لە شتێکی مەبەستدار. ٣-گواستنەوەی وشە و زاراوە لە گرووپێکی کۆمەڵایەتی بۆ گرووپێکی دیکە)(١١).

هەمان زمانەوان بۆ نیشاندان و سەلماندنی بوونی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان بنیادە زمانییەکان و بنیادە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو نموونەیە دێنێتەوە: (ئەو جیاوازیانەی لە نێوان پێکهاتە دەستوورییەکانی «یاساکانی» دوو زمان هەن، بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەو جیاوازیانە لە پێکهاتەی کۆمەڵگاکانیش بوونیان هەیە.)(١٢)

ئەو گۆڕانە خێرایانەی کە لە بواری تەکنەلۆژیای وڵاتە پێشکەوتووەکان هەیە، دەبێتە هۆی ئەوەی لە زمانەکانیان بە خێرایی وشەی نوێ بێنە ئاراوە.

لەگەڵ ئەوانەش (دەشێ ئەو گۆڕانکارییە تەکنەلۆژیانە

کاریگەرییەکی کەم بکەنە سەر گۆڕانی بنەما وشەسازییەکان و کەم و زۆر هەر وەکو خۆیان دەمێننەوە، چونکە ئەو بنەمایانە لە قۆناغەکانی خوێندنی ئەو وڵاتانە چەسپاون و قوتابیانیان پێ ڕادەهێنرێ.)(١٣)

جێی خۆیەتی بۆ کۆتاهێنان بەم بابەتە، تێڕوانینەکەی لیڤی شتراوس بخەینە ڕوو کە دەڵێ: (بۆ ئەوەی بنەمایەکی پێوانەیی لە نێوان زمان و کۆمەڵگا دەست بخەین، پێویستە هەموو بنیادە زمانی و کۆمەڵایەتییەکان لەیەک کاتدا پێک بگرین.)(١٤)

### کۆزمانەوانی و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان

بە شێوەیەکی گشتی بابەتەکانی ئەم باسە، لایەنی ستوونی کۆزمانەوانی دەگرنەوە.

ئاشکرایە کە بە هۆی ئەو تێڕوانینە گەلەکییە جیاوازانەی، کە تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ گرووپە کۆمەڵایەتییەکانیان هەیە، تاکەکانی کۆمەڵگا بەسەر چەند چین و توێژ و ڕەگەز و دەستە و گرووپێک دابەش بوونە. کۆمەڵگا بە چاوێکی جیاواز لێکدی سەیریان دەکا، لەبەرئەوەی کۆمەڵگا و زمانیش پێوەندییەکی پتەویان هەیە و زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، کەواتە زمانی ئاخاوتنی ئەو چین و توێژ و دەستە و گرووپانەش جیاوازن. هۆکارێکی دیکەش بۆ جیاوازی نێوان ئاخاوتنی ئەو چین و توێژانە، شوێن و دەوروبەری کاری ڕۆژانەیانە. کە وای کردووە زمانی ئاخاوتنیان لێکدی جودا بێ، یان بە هۆی ئەوەی کە هەر تاکێکی ئەو گرووپانە سەروکار و هاموشۆی لەگەڵ چەند کەرەستە و دیاردە و چەند چەمکێکی دیاریکراو هەیە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی لێک جودابوونەوەی زمانی ئاخاوتنیان.

دەکرێ پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان بۆ ئەمانەی خوارەوە دابەش بکەین:

١- ڕەگەز: زمانی ئاخاوتنی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، یان ئەو زمانەی بەرانبەر هەریەک لەو ڕەگەزانە بەکار دێن، لە زۆر ڕووەوە جیاوازن، کە دەکرێ لە دوو جۆر کورتیان بکەینەوە:

ا-شێوازی ئاخاوتن: ئەمەش دەبێتە دوو جۆر، یەکەمیان لەسەر بنچینەی نەرمی و سۆزداری لایەنی دەروونی مێیینە لە بەرانبەر توندی و خۆزاڵکردنی نێرینە بە شێوەیەکی گشتی، خۆی بنیاد ناوە، بە شێوەیەک کە هەندێ وشە و دەربڕین و دەستەواژە هەن، کە تەنیا ڕەگەزی مێ، یان بەزۆری ڕەگەزی مێ بەکاری دەهێنن و ڕەگەزی نێر بەکاریان ناهێنێ، وەکو: (ئەیەڕۆ، زگت نەسووتێ، چاوم کوێر بێ) ڕەگەزی مێ. هی ڕەگەزی نێریش وەکو: (وەک سەگ پەتی دەکەم، بە شەرەفم، با هەموو قەپۆزت تێک نەشکێنم!)

جۆری دووەمیش لەسەر بنچینەی جیاوازی جەستەی نێر و مێ لێکدی، لە ڕووی بایۆلۆژییەوە خۆی بنیاد ناوە، بە شێوەیەک لە هەندێ ئاخاوتندا ئەو ئەندامانەی جەستە بەکار دەهێنرێن، کە لە نێردا هەیە و لە مێدا نییە، یان بە پێچەوانەوە. بەمەش جیاوازی لە شێوەی ئاخاوتنیان دروست دەبێ، بە نموونە: (حەفتێ میللەتی بابت دەگێم... چیت نەکردووە، بیکە، بەم گونە) نێر. (سەرت بە قوزم) مێ.

ب-ڕێزمانی: لە زاری کرمانجی ئامرازی خستنەسەر بۆ مێ (ا)یە، بۆ نموونە (دایکا من...). کەچی بۆ نێر (ێ)یە، بە نموونە (بابێ من...). یان ئامرازی بانگکردن لە زاری سۆرانی بۆ مێ (ێ)یە، بەڵام بۆ نێر(ە)ـە، وەکو: (کچێ شیلان وەرە!)، (کوڕە ئازاد وەرە!)

(ئەم جیاوازیانە لە زۆر زماندا ئاستی وشەی فەرهەنگی تێدەپەڕێنێ و دەگاتە ئاستی دەنگسازی و لەوێوەش ئاستی ڕێزمانیش دەگرێتەوە، کە پتر جیاوازییەکانی ئەم ئاستەی ڕێزمان قووڵترە و پتر دەکەوێتە بەر لێکۆڵینەوە.)(١٥) دیارە لە زمانی کوردی جیاوازییە ڕێزمانییەکانی نێوان هەردوو ڕەگەز، لەچاو هەندێ زمان زۆر کەمن و بە قووڵایی ڕێزماندا شۆڕنەبوونەتەوە، کەچی لە زمانێکی وەکو (عارەبی و ئینگلیزی) ئەم جیاوازیە بە ناو ڕێزماندا زۆر قووڵ بوونەتەوە، وەکو ئەوەی زۆربەی ڕاناوەکانیان بۆ نێر و مێ لێکدی جودان و لە زۆربەی کەس و دەمەکاندا ڕاناوەکان بۆ نێر، یان مێ تایبەت کراون. هەورەها (جیاوازی لە نێوان ڕاناوی نێر و مێ لە زمانێکی وەکو (تای)، کە دەکەوێتە باشووری نیمچە دوورگەی چین و هیندستان، ڕاناوی سەربەخۆی کەسی یەکەمی تاکیش دەگرێتەوە، کە بۆ نێر « phom» و بۆ مێ « dichan» بەکار دێ)(١٦).

٢- تەمەن: بە شێوەیەکی گشتی ئاخاوتنی پیر و لاوەکان لێک جودان، دەکرێ بە بیستنی ئاخاوتنیان مەزندەیەکی نزیک بۆ تەمەنەکانیان بکرێ، وەکو ئەوەی پیرەکان هەندێ وشە و دەستەواژە بەکار دێنن، کە لە هی

لاوەکان جودایە.

پیرەکان: (ڕۆڵە!، ئەوا چللە تێپەڕی، خواخێرت بنووسێ).

لاوەکان: (برادەر!، ئەوا سەرما ڕۆیی، سوپاس).

٣- پیشە: کۆزمانەوانی لەو ڕوانگەیەوە پێوەندی خۆی لەگەڵ پیشە و پیشەسازی دەبەستێ و لەو سۆنگەیەوە ڕووبەڕێک لە پیشەسازیدا بۆ خۆی بۆ لێکۆڵینەوە داگیر دەکا، کە شێوەی ئاخاوتنی هەر پیشەکارێک لەگەڵ پیشەکارێکی دیکە جودایە، ئەویش وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، بە هۆی ئەوەی کە ئەو پیشەکارە لەگەڵ چەند تاکێکی دیاریکراو، لە ژینگەیەکی دیاریکراو سەروکاری هەیە، کەواتە ناچارە کە زمانەکەی بکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو لایەنانەی باسمان کردن، بەمەش جیاوازی لە بابەتەکانی ئاخاوتنیش دروست دەبێ و دەبێ زمانەکەی ڕەنگدەرەوەی پیشە و کەسایەتی و ڕادەی ڕۆشنبیری ئەو بێ، بۆیە «ڕۆبێرت لۆرێنس تێرسیک» دەڵێ: (زمان وەسیلەیەکی یەکجار گرنگ و کاریگەرە لە دەرخستن و پاراستنی ناسنامەی تاک، هیچ بەڵگەیەکیشمان لە بەردەست نییە، کە ئەم گرنگی و کاریگەرییە لەو گرنگییەی زمان کەمتر بێ، کە پێوەندییەکانی تاک ڕێک دەخا)(١٧).

وەک ئەوەی ئاشکرایە کە زمانی ئاخاوتنی سیاسەتوانێک لە هی مەڕدارێک جودایە، مەبەست لەو جیاوازییە، جیاوازی بابەتەکانی ئاخاوتنیان نییە، بەڵکو شێوازی دەربڕین و بەکارهێنانی ئەو وشانەیە، کە تایبەتن بە کێڵگەی پیشەیی هەر یەکێکیان و بۆ گەیاندنی بیرۆکەکانیان، هەڵیاندەبژێرن.

بە نموونە شێوازی ئاخاوتنی مامۆستایەکی ئایینی، لەگەڵ نووسەرێکی عەلمانی جودایە، لە ڕووی ئەو وشە و زاراوانەی کە بەکاری دێنن، وەکو ئەوەی مامۆستایەکی ئایینی لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا پتر وشەکانی نوێژ و زەکات و بەهەشت و جەهەننەم و خەیرات و حەسەنات... بەکار دێنێ، بەڵام نووسەرێکی عەلمانی پتر وشەکانی ڕۆشنبیری و ئازادی و مرۆڤایەتی و ڕەخنە و بابەت و نووسین... تاد. هەروەها لە ڕووی شێوازی ئاخاوتنیش مامۆستا ئایینییەکە کاتێ دەچێتە کۆڕێکی دانیشتن دەڵێ: (ئەلسەلامو عەلەیکم). لە وەڵامی کەسێکیش کە دێتە کۆڕی دانیشتنەکە و سڵاو دەکا، دەڵێ: (عەلەیکە سەلام وە ڕەحمەتوڵڵاهی وە بەرەکاتوهو).

بابای نووسەریش لە بەرانبەری ئەوانە دەڵێ: (ئەم کاتەتان باش، یان سڵاوتان لێ بێ). لە وەڵامی کەسێکیش دەڵێ: (گیانت باش، سەرچاو بەخێر بێی). یان مامۆستایەکی ئایینی پتر ئەم دەستەواژانە بەکار دێنێ: (شیفایە ئینشاڵڵا، خوا جەزات داتەوە)، لە بەرانبەر ئەمانە نووسەرێک ئەم دەستەواژانە بەکار دێنێ: (نۆشی گیانت بێ، سوپاس).

جیاوازی ئەم دەستەواژە و ڕستانەی کە وەک نموونە بۆ سەلماندنی ڕایەکەمان لەسەر مامۆستایەکی ئایینی و نووسەرێکی عەلمانیمان هێناوەتەوە، هەر لەوەدا نییە، کە ئەوان دوو وشەی هاوواتای جیاواز لە فۆرم بەکار دەهێنن، یان مامۆستاکە وشەی عارەبی بەکار هێناوە و نووسەرەکەش وشەی کوردی. بەڵکە جیاوازییان لەوەدایە، لەبەرئەوەی مامۆستا ئایینیەکە بە درێژایی تەمەنێک لەگەڵ دەسەڵاتی سەروو سروشت سەروکاری هەیە، کە (خوا)یە و پێی وایە ئەو لە هەموو هەڵسوکەوت و جووڵانەوە و تەنانەت لە بیرکردنەوەکانیشیدا بوونی هەیە، بوونەکەش هەم وەکو هێزێکی خۆشەویستە و هەم وەکو هێزێکی چاودێر و لێپێچەرەوەشە، بۆیە ئەو وشە و دەستەواژانە لە ئاخاوتنەکانی مامۆستاکە خۆنەویستانە، یان بە ئاگاداریەوە بوونی هەیە، تەنانەت ئەو هێز و دەسەڵات و لێپرسینەوەی خودا بە نزیک لە خۆی دەزانێ، کە پێی وایە دەبێ تەنانەت لە سوپاسکردنێکیشدا زیکرێک بۆ خوا هەبێ، کاتێ کەسێک پەرداخێک ئاوی بداتێ، دەڵێ: (خوا جەزات بداتەوە.)، کەچی کابرای نووسەری عەلمانی لەبەرئەوەی باوەڕی بە خوا لاوازە، یان هەر نییە، لە ئاخاوتنەکانیدا دەسەڵاتی سەرووی سروشت نابینرێ، بەڵکو دەسەڵات و سروشتی دەوروبەری لە ئاخاوتنەکانی بوونیان هەیە، پێی وایە لە سوپاسکردنی کەسێک کە پەرداخە ئاوێکی دەداتێ. بەشداری هیچ هێزێکی دیکەی تێدا نەبووە، جگە لە خۆی و کابرای کە ئاوی پێداوە. واتە لەو پرۆسەیە تەنیا وەرگر و بەخشەر بوونیان هەیە، بۆیە دەبێ تەنیا سوپاسکراو و سوپاسگوزار بوونیان هەبێ.

هەر لەبەر ئەم هۆیەی سەرەوەیە، کە ڕستە و دەستەواژەکانی مامۆستاکە بەردەوام خودایان تێدایە و بەردەوام خودا لەجیات ئەو هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسانی

دەوروبەری دەکا، بەڵام لە ڕستە و دەستەواژەکانی کابرای عەلمانی خۆی بکەرە و هیچ دەسەڵاتێکی دی تێدا نییە و جێی نابێتەوە.

ئەم جیاوازیەی نێوان زۆر بەکارهێنانی کۆمەڵە وشەیەک و جیاوازی لە شێوازی ئاخاوتن، لە دوو لقی جودای یەک پیشەشدا هەیە، بەڵام بە ڕووبەرێکی بەرتەسکتر. بە نموونە ئەو وشە و زاراوانەی بێژەرێکی هەواڵ لە میانەی کارەکەیدا بەکاری دێنێ، زۆر جودایە لەگەڵ بێژەری یاریەکی تۆپی پێ، بێژەرەکەی هەواڵ زیاتر وشە و زاراوەکانی سەرۆک، وەزیر، وڵات، پێوەندی، سەردان، سیاسەت، لافاو، باران... بەکار دێنێ، بەڵام بێژەرەکەی تۆپی پێ، پتر وشە و زاراوەکانی تۆپ، لێدانی بەهێز، سزا، یاریزان، گۆڵ ... بەکار دێنێ.

هەروەها لە ڕووی شێوازی دەربڕینیش جیاوازن، بێژەرەکەی هەواڵ ڕستە و وشەکان بە تەواوی و بێ کەموکوڕی دەدرکێنێ و بە تەواوی لەسەر هێماکانی خاڵبەندی دەوەستێ و لە هەناسە و هەڵوەستەکانی هەستیان پێدەکرێ، بەڵام بێژەری تۆپی پێیەکە لەبەرئەوەی بە گوێرەی خێرایی تۆپەکە و یاریزانەکان دەپەیڤێ، بۆیە کاتێ لەسەرەخۆیە، لەناکاو زۆر خێرا دەبێ و ناتوانێ ڕستەکانی تەواوبکا و زۆر جار کارەکان و بکەرەکان دەکرتێنێ. بە نموونە تەنیا دەڵێ: (تۆپێکی درێژ) ، یان (لێدانێکی بەهێز) کە مەبەست ئەوەیە، فلانە یاریزان شووتێکی بەهێزی لە تۆپەکە دا و تۆپەکە ماوەیەکی زۆر ڕۆیی.

٤- خوێندەوار و نەخوێندەوار: ئەم دیاردەیە زیاتر زمانی ئەو میللەتانە دەگرێتەوە، کە لە میللەتە پێشکەوتووەکانی جیهانن، چونکە بۆ دۆزینەوەی ئەو دیاردەیە پێویستمان بە بوونی ڕێژەیەکی بەرچاو هەیە، کە خوێندەوار و نەخوێندەوارەکانی ئەو کۆمەڵگەیەن. بە نموونە زمانی کوردی زۆر بە زەقی ئەم دیاردەیەی تێدا بەرچاو دەکەوێ، چونکە ڕێژەیەکی بەرچاوی لە خوێندەوار و نەخوێندەوار تێدایە. کە زمانی ئاخاوتنیان لە ڕووی دەربڕینی ڕاستی و دروستی وشە و زاراوە جیاوازە.

د. محەمەد ڕەزای باتینی پێی وایە (خوێندەواری، یان نەخوێندەواری دەتوانێ، جۆرە زمانێکی تایبەت بۆ هەریەک لە تاکی خوێندەوار و نەخوێندەوار بێنێتە کایەوە)(١٨). ماری. ڕ. هاس هەمان مەبەست بە شێوەیەکی دیکە دەردەبڕێ: (دەکرێ لە جۆری ئاخاوتن ڕادەی خوێندەواری و نەخوێندەواری ئاخێوەر ڕەنگ بداتەوە)(١٩). وەکو ئەوەی هەر کەسێ بڵێ: (مەتکەب، ڕوعب)، ئەوا دیارە کە نەخوێندەوارە، چونکە ئەو وشانە عارەبین و هی زمانی دایک نین، بۆیە نەخوێندەوارەکان بە گوێرەی خۆشهاتن لە زاریان دەریدەبڕن. کە دەشێ وشەیەکی بێگانەش بە هەڵگەڕاوەیی، یان بە شێوێنراوی بۆ تاکەکانی زمانێکی دیکە خۆشتر بێتە سەر زار، چونکە (یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی زمان ئەوەیە، کە دەتوانێ بە پێی هەڵکەوتە و ڕێککەوتە جیاوازەکان خۆی تایبەتمەند بکا، کە ئەمەش وا دەکا هەموو ئەو توێژانەی کە لە هەر ڕوویەکەوە لێک جودان، شێوەی ئاخاوتنیان جیا بێتەوە)(٢٠). کەچی ئەگەر خوێندەوار بێ، لەبەرئەوەی لە قوناغەکانی خوێندن، یان ئەوەندە زمانی عارەبی (لە باشووری کوردستان) دەخوێنێ، کە بتوانێ ئەو وشانە وەکو عارەبان دەربڕێ. بۆیە ئامادە نییە بە هەڵە دەریانبڕێ و وەکو وشە ئەسڵییەکەی زمانی عارەبی (مەکتەب، ڕوبع) دەریاندەبڕێ.

هەروەها لە هەندێ دەربڕینی دیکەی ژمارەیی وەکو (دوو جار بیست، سێ جار پێنج)، کە ئاشکرایە ئەم دەربڕینانە لە زمانی کوردی هی نەخوێندەوارەکانە، چونکە خوێندەوارەکان تا ئەو ڕادەیە بیرکاری دەخوێن، کە بتوانن ژمارەکان بناسن و کرداری کۆکردنەوەی ژمارە گەورەکانیش بکەن، بۆیە ئەوان هەمان دەربڕینی نەخوێندەوارەکان، بە دروستی دەردەبڕن: (چل ، پازدە).

٥- پێگە: مەبەست لە پێگە هەردوو لایەنی پێگەی بەرز و نزم دەگرێتەوە. هەر کەسێک لە کۆمەڵگاکەی خۆی لە ئاستی هەرێم و شار و گەڕەک لە لایەک و لە لایەکی دیکە لە ئاستی کۆمەڵ و شوێنی کار و خزم و ناسیار و خێزانی خۆیدا پێگەیەکی هەیە، ئەم پێگەیەش کۆمەڵ، یان کەسانی دەوروبەری، یان خێزان بۆ تاکی دادەنێن. پێوەندی کۆزمانەوانییەکەش بەو پێگەیە، مەرج نییە لەبەرئەوە بێ، کە ئەو پێگە کۆمەڵایەتییە، واتە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی وەکو ڕیشسپی و براگەورە و سەرۆک هۆز و... بێ، بەڵکو دەشێ ئەو تاکە پێگەیەکی سیاسی، یان ئایینی، یان زانستی و هونەری ... هەبێ، بەڵام کۆزمانەوانی لەو خاڵەوە حەق بە خۆی دەدا، کە لە ڕووی زمانەوانییەوە لەو پێگەیە بکۆڵێتەوە، چونکە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە وەکو ڕێککەوتنێکی گەلەکی

کۆمەڵگایە و دەوروبەر، یان خێزان پێگەیەکی کۆمەڵایەتی دەدەنێ، جا ئەگەر وەکو پیشە ئەو تاکە پێگەکەی لە یەکێ لەوانەی سەرەوە بێ، کە ژماردمانن.

د. محەمەد ڕەزای باتینی (تێکڕایی پێگە کۆمەڵایەتییەکانی تاکێک لە بەرانبەر تاکێکی دیکە بۆ سێ ئاستی پێگە دابەش دەکا. (ئاستی بەرزتر، ئاستی بەرانبەر، ئاستی نزمتر)(٢١).

بە نموونە پێگەی کۆمەڵایەتی باوک بەرانبەر منداڵەکانی، سەرۆک بەرانبەرگەل، مامۆستا بەرانبەر قوتابی، برا گەورە بەرانبەر برا گچکە، دایک بەرانبەر منداڵەکانی، بەڕێوەبەر بەرانبەر فەرمانبەر، ئەفسەر بەرانبەر سەرباز... ئاستی بەرزترن. هەروەها کوڕ بەرانبەر کوڕ، هاوڕێ بەرانبەر هاوڕێ، سەرۆک بەرانبەر سەرۆک، باوک بەرانبەر باوکێکی دیکە، کارمەند بەرانبەر کارمەند، سەرباز بەرانبەر سەرباز، ئەفسەر بەرانبەر ئەفسەر... ئاستی بەرانبەرن. هەروەها منداڵ بەرانبەر باوک، منداڵ بەرانبەر دایک، هاوولاتییەک بەرانبەر سەرۆک، کارمەند بەرانبەر بەڕێوبەر، سەرباز بەرانبەر ئەفسەر... ئاستی نزمترن.

هەر تاکێک لە کاتی ئاخاوتنی بەرانبەر تاکێکی دیکە، دەتوانێ بە پێی ئاستی پێگەی بەرانبەرەکەی شێوەی ئاخاوتنی بگۆڕێ، چونکە (زمانیش وەکو زۆربەی دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە، دەبێ بە پێی شوێنکات بۆ بەکارهێنەرەکەی خۆی بگونجێنێ.)(٢٢)

ئەمەش وا دەکا شێوە و جۆری ئاخاوتنی جیا لە زماندا بە پێی پێکهاتە جیاوازەکان بێتە کایەوە.

کۆزمانەوانی کار لەسەر جیاوازی شێوازی ئاخاوتنی تاکێک دەکا، کاتێ لە ئاستی بەرزتر، یان نزمتردایە، زۆر جار دەکرێ تەنیا بە شێوازی قسەکردنی نێوان دوو تاک بزانین، کە پێگەی ئەو تاکانە دەکەونە کام پێگەوە. بە نموونە لەم ڕستانە: (دەی هەر ئێستا کارەکانت تەواو بکە، جارێکی دی نەبیستمەوە، لە ئیشەکانت سارد و سڕ بی.. ها!)، (دێی بچینە پەنایەک جگەرەیەک بکێشین؟)، (دەکرێ بەڕێزتان ئیزن بفەرموون قسەیەک لە حزووری جەنابتان بکەم؟)

ئەگەر هەر کەسێ ئەم ڕستانە لە پێوەندییەکی تەلەفۆنیش ببیستێ، ئەوا دەزانێ لە ڕستەی یەکەم قسەکەر پێگەی لە ئاستی بەرزترە و لە ڕستەی دووەم پێگەی قسەکەر و گوێگر بەرانبەرییە و ڕستەی سێیەمیش قسەکەر پێگەی لە ئاستی نزمترە.

بەڵام دەبێ وەکو تێبینیەک ئەوە بخەینە بەرچاو، کە زۆر جار بە هۆی ڕێزگرتنێکی زۆرەوە لە لایەن قسەکەرەوە، ئەگەر لە ئاستی بەرانبەریشدا بێ. شێوازی ئاخاوتنی وەکو ئاستی نزمتری لێدێ، بۆیە ئەو ئاخاوتنەی کە ڕێزگرتن تێیدا زاڵە بەسەر پێگەی کۆمەڵایەتییەکانی هەریەکەیان، ئەوا ناچێتە ژێر لێکدانەوەی کۆزمانەوانی پێگە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

## تەوەری سێیەم
## زمانەکانی دەرەوەی زمانی دایک

ئەگەرچی زمانیش کاردانەوەی لەسەر کۆمەڵگا هەیە، بەڵام بە هەمان ئەندازەی ئەو کاریگەریە نییە، کە کۆمەڵگا لەسەر زمان هەیەتی. ئەگەر ئەو بۆچوونە لە بارەی وەرگرتنی وشە و زاراوەی بێگانە (اقتراض) دروست بێ، کە دەڵێ: (وەرگرتنی وشە پێویستییەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ... ئابوورییە، نەک زمانی)(٢٣). ئەوا بە تەرجەمەکردنی ئەو ڕایەی سەرەوە لەسەر وەرگرتنی وشە بۆ زمانە تایبەتی و چەند زمانییەکان، دەبێ ئەوەش دروست بێ، کە دروستبوونی خودی زمانە جۆراوجۆرەکانی وەکو زمانی تایبەتی و زمانی چەندزمانەیی -دواتر لێیان دەدوێین- پێویستییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و... ئابوورین، نەک زمانی. هەروەک ئەوەی (گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکان لەگەڵ خۆیان سەرهەڵدانی وشە و زاراوەی نوێ پێویست دەکەن و هەموو زمانێکیش لە توانایدایە پێویستییەکانی خۆی دابین بکات.)

دیاردەی کۆمەڵایەتی زمانە تایبەتی و چەندزمانییەکان دروستیان دەکەن، بۆیە دەشێ ئەو زمانانە تەنیا لەو ژینگەیە، یان تەنیا لەناو ئەو تاک و گرووپانە بەکار بێن، کە ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییەی لەخۆ گرتووە، هەرم ئەم سیفەتەش زمانە تایبەتی و چەندزمانییەکان لە زمانی گشتی جودا دەکاتەوە، کە زمانی ئاسایی هەر نەتەوەیەکە.

### زمانە تایبەتییەکان

زمانە تایبەتییەکان: (مەبەست لەو شێوازە ئاخاوتنە کۆمەڵایەتیانەیە، کە پێوەندییەکی لاوازیان لەگەڵ یەکدی هەیە.)(٢٤)

ئەو جۆرە زمانانە تا ڕادەیەک لە واتا و بەکارهێناندا هێمادار و پڕپێچن و هەندێ جار هونەرکارییان تێدا دەنوێنرێ. گۆڕانکاری لەو شێوانەش لە زماندا بە ئاسانی ئەنجام دەدرێ، چونکە (بە بەرانبەر پێککگرتنی ئەو سروشتەی زمان هەیەتی، هەروەها ئەو سروشتەش کە مرۆڤ هەیەتی، ئەو ڕاستییە دەردەکەوێ، کە زمان ماهیەتی بەرفراوانبوون و لێک کشانی هەیە)(٢٥)، بۆیە ئێمە پێمان وایە ئەگەر گۆڕانە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکان...، پێویستیان بە هاتنەئارای هەر جۆرێکی دیکەی زمان، یان گۆڕانە زمانییەکان هەبێ، ئەوا هەم زمان وەکو سروشتی خۆی و هەم مرۆڤیش بەو سروشتەی کە هەیەتی، دەتوانێ بیانهێنێتە ئاراوە.

زمانە تایبەتییەکانیش ئەم جۆرانەن:

١- زمانی جنێوفرۆشی: ئەم جۆرە زمانە، ڕەسمیەتی بەکارهێنانی ئاشکرای لە کۆمەڵگادا نییە، چونکە بێڕێزی و سووکایەتی پێکردنی بەرانبەر یەکێکە لە ئەدگار و ئەرکە هەرە دیارەکانی. هەرچەندە ئەم جۆرە زمانە لای زۆربەی هەرە زۆری تاکەکانی کۆمەڵگا بەکار دێ، لە بەرانبەر دیاردەیەکی ناشیرین، یان کەسێک کە ڕەفتارێکی نەشیاو ئەنجام بدا، بەڵام بەکارهێنانی گشتی نییە و ناتوانرێ لە هەموو شوێن و کات و لە بەرانبەر هەموو کەسێک بەکار بهێنرێ.

ئەم جۆرە زمانە زیاتر لە نێو هەرزەکاران و منداڵان بەکاردێ، کاتێ لەسەر شتێ بەشەڕ بێن. لەبارەی ئەم جۆرە زمانە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد نووسیویەتی: (تاکە سووک و بێ ئابڕووەکان سوود لەم جۆرە زمانە وەردەگرن، کە زمانێکی ئاست نزم و ڕەمەکیانەیە)(٢٦).

ئەم زمانە بە مەبەستی سووک کردن و شەڕپێفرۆشتن بەکار دەهێنرێ و کەسی بەرانبەر قبووڵی ناکا و کاردانەوەی توندی لە بەرانبەردا دروست دەبێ -ئەگەر دەسەڵاتی هەبێ-. وەکو ئەو وشە و دەستەواژانە: (خۆڕی، گەواد، ژنحیز، سەرسەری ...)، (هەی خۆڕی سەگباب، هەی داک و خوشکت...).

٢- زمانی هێما: ئەم جۆرە زمانە لە نێوان دوو کەس، یان دوو گرووپ دروست دەکرێ، بە مەبەستی ئەوەی کەسانی دی لێی تێنەگەن، زۆربەی ئەو زمانە دروستکراوانەش بە تایبەتی ئەگەر لە نێوان دوو گرووپ بەکاربێ، بەردەوام لە گۆڕاندایە.

ئەم زمانە پتر لە کاتی شەڕ و جەنگی چەکداری نێوان دوو وڵات، یان دوو دەستە بەکار دێ، هەر ناوێک، یان ژمارەیەک بۆ ناوی کەسەکان، یان شوێنەکان، یان کاتەکان دادەنێن، زۆر جار بۆ کار «فرمان»ی ڕستەکانیشیان وشەی دیکە بەکار دەهێنن، ئەو وشانە هەموویان هێمان بۆ وشەیەکی دیکە، کە لە فەرهەنگی زمانەکەدا واتای زۆر لێک دووریان هەیە، ئەمەیان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی وەکو ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، یان لە تەلەفۆن بەکار دەهێنرێ. هەروەها ئەم جۆرە زمانە لە نێوان دوو هاوڕێش، یان کوڕ و کچێکی دڵدار بەکار دەهێنرێ، کاتێ نایانەوێ کەسێکی دیکە لێیان تێبگا. ئەمەش لە تەلەفۆن دەبێ. هەروەها قوتابیانیش لە کاتی تاقیکردنەوە بە مەبەستی قۆپیە سوودی لێ وەردەگرن.

بە نموونە (لە ژمارە پێنجەوە بۆ هەندرێن، تکایە لە کاتژمێر سفر جەنگەڵەکە لە چەقەڵەکان پاک بکەنەوە.)، کە دەشێ ژمارە پێنج هێما بێ بۆ سەرلق، یان سەرپەل و هەندرێنیش سەرتیپ، یان سەرشانەیەک بێ، کاتژمێر سفریش دەشێ کاتژمێر ١، ٢، ٣،.. بێ و چەقەڵیش هێزێکی بەرانبەر بێ و جەنگەڵەکەش ڕەبایە، یان سەربازگەیەک بێ و پاک کردنەوەشی مەبەستی کوشتن، یان بەدیل گرتن بێ.

٣- زمانی هونەری: ئەم جۆرە زمانەش وەکو زمانی هێما، لە نێوان دوو کەس، یان تاکەکانی گرووپێک بەکار دەهێنرێ، کە هونەرکارییەکی تێدا دەکرێ. بە مەبەستی ئەوەی خەڵکانی دەرەوەی بەکارهێنەرانی لێیان تێنەگەن، بە تایبەتی ئەو خەڵکانەی کە هێشتا ئەو زمانە نازانن. جیاوازی زمانی هونەری لەگەڵ هێما لەوەدایە، کە زمانی هونەری دەمێنێتەوە، بەڵام زمانی هێما ئەو تەمەنەی نییە، هەروەها دەکرێ بە وردبوونەوە و گوێگرتن، زمانی هونەری لە بەکارهێنەرانی فێربین، بەڵام زمانی هێما، ناکرێ بە گوێگرتن فێری بین. بە نموونە هەر ئەم جۆرە زمانە لە کوردیدا (هەزەمەزە) یان (هەزەلەزە)ی پێ دەگوترێ.

هونەرکارییەکەش لە ناو زمانی گشتی (کوردی دایک) دەکرێ. وشەکانی هەر ڕستەیەک بۆ فۆنیمەکان کەرت دەکەن و زنجیرەیەک فۆنیم کە بەزۆری (ەهە) یان (ەزە) دەخەنە پێش هەر فۆنیمێک و جگە لە هەردوو فۆنیمی ڤاوڵی (ە، ا). کە هەندێ جار ئەم زنجیرە دەنگە دەچێتە دوای فۆنیمی (ا)ش، ئەگەر کەوتبێتە کۆتایی برگە. بە نموونە ڕستەیەکی ئاسایی وەکو (ئەو نان دەخوات.)،

دەبێتە (ئەزە وەزە نەزە دەزە خازە تەزە)، یان (ئەهە وەهە ناهە نەهە دەهە خاهە تەهە.). لەم زمانەدا ڤاوڵەکان هیچ گۆڕانێکیان بەسەر نایەت و لە شوێنی خۆیان دادەنیشنەوە، بەڵام هەردوو ڤاوڵە (ە)ەکەی (ەزە) ئەگەر بکەونە تەنیشت ڤاوڵەکان، ئەوا بە هۆی یاسای تێچوونی فۆنۆلۆژی تێدەچن.

بۆ دروستکردنی ئەم زمانە، دەتوانرێ هەموو فۆنیمەکان جگە لە (ە ، ا) لە جیاتی (ز، ھ) دابنرێ، وەکو (ەکە)، (ەلە)، (ەوە)، ... تاد.

هەروەها هەندێ جار بۆ دروستکردنی ئەو زمانە، وشەی ڕستەکان بۆ بڕگەکان کەرت دەکرێن، نەک بۆ فۆنیمەکان، بە نموونە ڕستەیەکی وەکو (دە/مە/وێ/بێ/مە/لا/تان.)، دەبێتە (دەزە مەزە وێزە بێزە مەزە لازە تازە نەزە.)

٤- زمانی منداڵ: مەبەست لەو جۆرە زمانە زمانی منداڵ نییە، بەڵام لە لاساییکردنەوەی زمانی منداڵ دروست دەبێ، ئەم زمانە لە لایەن گەورەکانەوە بەکار دێ، کاتێ دەیانەوێ بە زمانی منداڵەکە قسە بکەن. ئەدگاری ئەم جۆرە زمانە ئەوەیە، کە هەندێ لە دەنگەکان بۆ ئەو دەنگانە دەگۆڕدرێ، کە منداڵ دەتوانێ دەریانبڕێ و بۆ ئەو ئاسانە، هەروەها کورتکردنەوە لە ئاستی وشە و ڕستەدا دەکرێ، کە زۆر جار گۆڕانی دەنگی و کورتکردنەوەکە دەچێتە دەرەوەی یاسا زمانییەکانی زمانی دایک و ماناکان دەشێوێن. وەکو ئەوەی ئەگەر دایکێک بیەوێ بە منداڵەکەی بڵێ: (وەرە بۆ لای دایکت، وەی بابەڕۆ چەند جوانی!)، دەڵێ: (وەلە دایەی، وەی بابەلۆ سەند ذوانی!).

## زمانە چەندزمانەییەکان

مەبەست لە چەندزمانەیی ئەوە نییە، کە کەسێک چەند زمانێک دەزانێ و دەتوانێ بە نووسین و ئاخاوتن بەکاریان بێنێ، بەڵکو مەبەست لەوەیە، کاتێ کەسێک دەچێتە ژینگەیەکی نوێ، کە ئاشنای زمانی ئەو ژینگە نوێیە نییە و ناچارە کار لەسەر زمانێک بکا و ئەو کێشەیە چارەسەر بکا. جا لێرەوە چەمکی چەندزمانەیی دێتەکایەوە.

بۆ لێک جیاکردنەوەی دووزمانزانی و چەندزمانەیی، جاشوا فیشمەن دەڵێ: (دووزمانزانی بەهرەیەکی تاکەکەسییە و دیاردەیەکی زمانەوانی دەروونییە، بەڵام چەندزمانەیی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە)(٢٧). ئەم بۆچوونە جگە لەوەی هەردوو دیاردەی دووزمانزانی و چەندزمانەییمان بۆ لێکدی جودا دەکاتەوە، ڕێگەی ئەوەشمان پێ نیشان دەدا، کە پێویستە لە چوارچێوەی کۆزمانەوانی لە دیاردەی زمانی چەندزمانەیی بکۆڵینەوە.

(هەروەک ئەوەی دەروونناسانی زمان باسیان کردووە، ئاخێوەرانی هەر زمانێک ژێردەستەی زمانەکەیان نین، ئەوان دەتوانن بەپێی پێویست زمانی جودا بەکار بهێنن)(٢٨). ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ، کە توانای مرۆڤ گەورەترە لەوەی بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی هەر زمانێک و دەتوانێ لەو زمانە زیاتر بەکار بهێنێ، بۆیە دەبینین هەموو تاکێک لە توانایدا هەیە، بە پتر لە زمانێک بنووسێ و قسە بکا. جگە لەوەش مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە، زمانێکی نوێ بێنێتە کایەوە، یان گۆڕانکاری بەسەر زمانەکاندا بهێنێ، یان زمانەکان تێکەڵ بکا و زمانێکی نوێی لێ بەرهەم بهێنێ.

لەبەرئەوەش کە ئەو توانایە لە مرۆڤدا هەیە و زمانیش ئەو نەرمییەی بۆ گۆڕان تێدایە، لە بەرانبەر ئەوانەش کە تێکەڵبوونی گرووپی جودای زمانەکان بە هەر هۆیەک بێ، لە ژیانی نەتەوەکاندا بوونی هەیە، کەواتە دروست بوونی زمانی نوێ، یان گۆڕانکاری گەورە لە زمانێک، یان لێکدانی دوو زمان و زیاتر... هەم دەشێ ئەنجام بدرێ و هەم پێویستیشە.

بەم دۆخانەی سەرەوە چەند جۆرە زمانێ دروست دەبن کە ئەمانەن:

١- زمانی پێکگەیەن (وسیط - میانجی): «لوی-ژان کالڤا» وەها پێناسەی ئەم جۆرە زمانە دەکا، (زمانێکە بۆ پێوەندیکردن لە نێوان پتر لە گرووپێک بەکار دێ، کە دایکەزمانێکی هاوبەشیان نییە)(٢٩).

یەکەم جار لە ناوچەی «مەدتیرانە» لە سەدەکانی ناوەڕاست، جۆرە زمانێک بە ناوی «سابیر» دروست بوو، مەدتیرانە شوێنێکی بازرگانی بوو، کە بازرگانانی جودازمان ڕوویان تێدەکرد، ئیدی لە ئەنجامی ئەوە زمانی «سابیر» دروست بوو. (کە بەشی هەرە زۆری ئەو زمانە، لە زمانەکانی ئیتالی و فەڕەنسی و ئیسپانی پێک هاتبوو، جگە لەمانەش هەندێ ڕەگەزی زمانەکانی یۆنانی و عارەبی و تورکی لەخۆ گرتبوو)(٣٠).

لەبەرئەوەی ئەو زمانە (پێوەندییەکی بازرگانی دروستی کردبوو، نەک پێوەندیەکی زمانی، بۆیە لە ڕووی وشە و

دەستوورەکانی زمان زۆر هەژار بوو، تەنیا بەشی هەڵسووڕاندنی کاروباری بازرگانی دەکرد)(٣١).

نە لە مێژوودا و نە هەنووکەش نموونەی زمانێکی پێکگەیەن نادۆزمەوە، کە زمانی کوردی لە پێکهاتەکەیدا بەشداری کردبێ.

(هەروەها بە ڕای «د. محەمەد ڕەزای باتینی» زمانی پێکگەیەن بۆ حاڵەتێکی دیکەش بەکار دێ، کە کاتێ دوو کەس زمانی یەکدی نازانن، ئەوا ناچارن زمانی سێیەم بەکار بهێنن، کە هەردووکیان دەیزانن، نموونەشی بەوە هێناوەتەوە، کە ئەگەر لە ئێران کوردێک و تورکێک بگەنە یەک، کە زمانەکانی یەکدی نەزانن، ئەوا زمانی فارسی وەکو زمانی پێکگەیەن بەکار دێنن)(٣٢).

بۆ ئەوەشیان من نموونەیەک نابینمەوە، کە ئەگەر دوو کەسی جودازمان کە زمانی یەکدی نازانن، بگەنە یەکتر و زمانی کوردی وەکو زمانی پێکگەیەن بەکار بهێنن.

٢- زمانی پەیجین: دەکرێ بڵێین زمانی پەیجین ئەو زمانەیە، کە لە ئاوێتەبوون و تێکەڵبوونی دوو زمانی سەربەخۆ پێک دێ، تێکەڵبوونەکە تا ڕادەی بنەما دەستوورییەکانی هەردوو زمانەکە قووڵ دەبێتەوە، بە شێوەیەک ئەگەر تاکێک کە تەنیا دایکەزمانێکی ئەم دوو زمانە بزانێ، ئەوا ناتوانێ لەم زمانی پەیجینە بگا، لە کاتێکدا زمانی دایکی خۆی نیوەی پێکهاتەکەیەتی.

سەرەتا ئەم زمانە بە هۆی بازرگانییەوە لە کەناری دەریای چین هاتە ئاراوە، کە ئەو کەنارە جێگای بەیەکگەیشتنی بازرگانە ئینگلیز و چینییەکان بوو، پەیجین لە وشەی (Business)ی ئینگلیزییەوە هاتووە. وشەکانیشی پتر ئینگلیزی بوون، بەڵام لایەنە ڕستەسازیەکانی پتر چینی بوون، کەچی ئەم زمانەش لە توانایدا نەبوو، هەموو ئەرکە زمانیەکان ببینێ و پتر بۆ کاری بازرگانی شیاو بوو)(٣٣).

لەوانەیە بکرێ وەک نموونەیەکی زمانی کوردی، زمانی بەختیارییەکانی لوڕستانی ئێران بخەینە بەرچاو، کە ئەگەرچی لە بنەڕەتدا زمانی ئەوان کوردی بووە، بەڵام بە هۆی تێکەڵبوونی لەڕادەبەدەریان لەگەڵ فارسەکان و کەوتنە ژێر کاریگەری کولتووری فارسی، زمانەکەی ئێستایان لە هەموو ڕووەکانەوە پتر پێکهاتەی زمانی فارسی تێدایە، نەک کوردی.

٣- زمانی کریۆڵ: (لوی - ژان کاڵوا) پێی وایە (بۆ دروستبوونی زمانە کریۆڵییەکان پێویستیمان بە تێکەڵبوونی دوو گرووپ هەیە، کە گرووپێکیان ژمارەیان کەمە، بەڵام زاڵن. گرووپەکەی تر ژمارەیان زۆرە، بەڵام ژێردەستەی گرووپە کەمینەکەن و لە نێوانیشیاندا هیچ زمانێکی هاوبەش نییە)(٣٤).

لە لایەکی دیکەوە (مایکل ئێگراد) (جیاوازی نێوان زمانی پەیجین لە زمانی کریۆڵ لەوەدا دەبینێ، کە زمانی کریۆڵ لە بنەڕەتدا زمانی گرووپی یەکەمە، بەڵام زمانی پەیجین وەکویەک و بە هەمان ڕادە لە نێوان دوو گرووپ هاوبەشە و ناکرێ بە تەنیا بیبەینەوە سەر دایکەزمانی هیچ گرووپێکیان)(٣٥)، بۆ ئەمەشیان ناتوانم زمانی کوردی، یان یەکێ لە زارەکانی کوردی بکەمە نموونە، چونکە من نەمبیستووە لە شوێنێک زمانی کوردی بووبێتە زمانی کریۆڵ.

**پەراوێزەکان:**

**١ - کورشی صفوی، گفتارهایی در زبان شناسی، انتشارات هرمس، تهران، ١٣٧٦، ل ١١٣.**

**٢- هەمان سەرچاوە، ل ١١٣.**

**٣- مایکل اگراد و دیگران، درآمدی بر زبان شناسی معاصر ـ ترجمە: علی درزی..؟ ل ١٦٥.**

**٤- گروه نویسندگان و مترجمان، زبان و جامعه شناسی - مجموعه مقالات- سازمان چاپ و انتشارات، تهران، ٣٨١، ل ٣٤.**

**٥- مایکل اگراد...ل ٥٢٤.**

**٦- هەمان سەرچاوە، ل ٥٢٥.**

**٧- هەمان سەرچاوە، ل ٥٣١.**

**٨- هەمان سەرچاوە، ل ٥٣١.**

**٩- هەمان سەرچاوە...ل ٥٤١.**

**١٠- هەمان سەرچاوە...ل ٥٢٣.**

**١١- جولیا، اس فالک، زبان شناسی و زبان ـ بررسی مفاهیم بنیادی زبان شناسی ـ، ترجمه: خسرو غلامعلی زاده، چاپ پنجم، ١٣٧٧، ل ٩٣.**

**١٢- گروه نویسندگان و مترجمان، ...ل ٩٤.**

**١٣- هەمان سەرچاوە ...ل ٩٤.**

**١٤- هەمان سەرچاوە ...ل ١٠١.**

١٥- هەمان سەرچاوە ...ل ٣٨.
١٦- هەمان سەرچاوە ...ل ٤١.
١٧- رابرت لارنس ترسک، مقدمات زبان شناسی، ترجمە: فريار اخلاقی، انتشارات نشرانی، چاپ اول، تهران، ١٩٨٠، ل ١١٩.
١٨- گروه نويسندگان و مترجمان، ...ل ٣٧.
١٩- گروه نويسندگان و مترجمان، ...ل ٣٧.
٢٠- پيتر ترادگيل، زبان شناسی اجتماعی ـ درآمدی بر زبان و جامعه ـ، ترجمە: محمد طباطبايی، دفتر نشر آگە، چاپ اول، تهران، ١٣٧٦، ل ١٣٢.
٢١- گروه نويسندگان و مترجمان، ...ل ٤٣.
٢٢- پيتر ترادگيل، ...ل ١٣١.
٢٣- جوليا، اس فالک، ...ل ٨٥.
٢٤- مايکل اگراد...ل ٥٤٦.
٢٥- جوليا، اس فالک، ...ل ٧٩.
٢٦- مايکل اگراد...ل ٥٤٦.
٢٧- لويی- ژان کالوا، درآمدی بر زبان شناسی اجتماعی، ترجمە: محمد جعفر پوينده، انتشارات نقش جهان، چاپ اول، تهران، ١٣٧٩، ل ٧٤.
٢٨- پيتر ترادگيل، ...ل ١٦١.
٢٩- لويی - ژان کالوا، ...ل ٦٩.
٣٠- مايکل اگراد...ل٥٥١.
٣١- لويی - ژان کالوا، ...ل٥١.
٣٢- گروه نويسندگان و مترجمان، ...ل١٥
٣٣- لويی - ژان کالوا، ...ل٥٢.
٣٤- لويی - ژان کالوا، ...ل٦٧.
٣٥- مايکل اگراد...ل ٥٥٣.

* سارنجۆک: ئەو کونە ئەشکەوتەیە، کە جێیەکی سارد و نسێیە، خەڵکانی ئەو ناوچەیە پەنیر و هەر خۆراکێکی تێدا هەڵدەگرن، کە مەترسی ئەوەی هەبێ، بە گەرمای هاوینان تێک بچێ.

** ئەگەرچی جیاوازی لە ئاستی ڕستەسازی خاڵی لێک جیاکردنەوەی دوو زمانە، لەگەڵ ئەوەش جیاوازی ڕستەسازیانە لە نێوان دوو زار، یان دوو شێوەزاری یەک زماندا هەیە، بەڵام جیاوازییەکان سادەن و یاسا بنەڕەتیەکانی ڕستەسازی ناگرنەوە. ئەگەر جیاوازیەکە هێندە قووڵ بێ، کە زۆربەی یاسا ڕستەسازیەکان بگرێتەوە، کەواتە ئەو دوو زارە، دوو زمانی سەربەخۆن.

*** هەندێ جار لە زماندا وشەیەک کە لە خودی خۆیدا تابۆ نییە، بەڵام لەبەرئەوەی لە فۆرم و درکاندندا وەکو وشەیەکی تابۆیە، یان بەشێکی وەکو وشەیەکی تابۆیە، ئەوا وشەکە دەگۆڕدرێ. وەکو ئەوەی سەرەتا وشەی «یاریکەر» بە پێی ڕێبازی زاراوەسازی پێوانە، لەسەر پێوانەی وشەکانی (نانکەر، ئیشکەر، دارکەر...) ڕۆنرا، دواتر لەبەرئەوەی پاشگری «کەر» -کە لە ڕەگی چاوگی «کردن» و «ر»ی مۆرفیمی بکەری دروست بووە- لە (یاری + کەر)دا لەگەڵ وشەی (کەر)ی هاوواتای گوێدرێژ هاوفۆرم و هاوبێژبوون، ئەو وشەیەیان کردە (یاریزان).

سەرچاوەکان:

١- پيتر ترادگيل، زبان شناسی اجتماعی، درآمدی بر زبان و جامعە، ترجمە: محمد طباطبايی، دفتر نشر آگە، چاپ اول، تهران، ١٣٧٦.
٢- جوليا، اس فالک، زبان شناسی و زبان-بررسی مفاهيم بنيادی زبان شناسی-، ترجمە: خسرو غلامعلی زادە، چاپ پنجم، ١٣٧٧.
٣- رابرت لارنس ترسک، مقدمات زبان شناسی، ترجمە: فريار اخلاقی، انتشارات نشرانی، چاپ اول، تهران، ١٣٨٠.
٤- کورش صفوی، گفتارهايی در زبان شناسی، انتشارات هرمس، تهران، ١٣٨٠.
٥- گروه نويسندگان و مترجمان، زبان و جامعە شناسی - مجموعە مقالات - سازمان چاپ و انتشارات، تهران، ١٣٨١.
٦- لويی- ژان کالوا، درآمدی بر زبان شناسی اجتماعی، ترجمە: محمد جعفر پوينده، انتشارات نقش جهان، چاپ اول، تهران، ١٣٧٩.
٧- مايکل اگراد و ديگران، درآمدی بر زبان شناسی معاصر، ترجمە: د. علی درزی...؟.